# شەحنکەرەوەی هەتاوی بۆ گشت ئامێرێک



هەتاو گەورەترین دیاریی یەزدان وەك چارلی چاپلین دەڵێت (ئەڵماسێك كە تیشكەكانی بە یەكسانی بەسەر كۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە) وزەیەكی نەبڕاوەیە كە تەكنەلۆژیای زانیاری چەند ساڵێكە بە جددی هەوڵ دەدات كە شوێنی وزەكانی دیكەی پێبگرێتەوە.

ئامێرە دیجیتالییەكان كە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبن و ماڵ نییە چەندین ئامێری دیجیتالی نەبێت وەك كامێرا و مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێت...تاد، هەمووشیان پێویستی بە شەحنكردنەوە بە كارەبا هەیە، بۆیە پسپۆرانی بواری تەكنەلۆژیای سەردەم ئەم شەحنكەرەوەیان بەرهەم هێناوە كە وزەی خۆی لە هەتاو وەردەگرێت. شێوازی كاركردنی شەحنكەرەوەكە ئاوایە كە بە پەنجەرە هەڵدەواسرێت، یان ئەو شوێنەی كە رووناكی خۆری زیاتر لێیە دادەنرێت ئیدی دوای ئەوە بە ئاسانی سوودی لێوەردەگرێت، دەكرێت لە یەك كاتدا دوو ئامێر پێكەوە شەحن بكاتەوە.



# ئەڵقەی زەماوەندیش بەرەو دیجیتالی رۆیشت

ئەڵقەی بووكێنی یان ئەڵقەی هاوسەرگیری هێمایەكە بۆ ئەوەی كە ئەوەی ئەڵقەكەی لە پەنجەدایە بزانرێت كە ژیانی هاوبەشی پێكهێناوە، دیارە لە چاخی كۆنیشدا چەندین ئاماژە و هێمای دیكە هەبووە.

ئێستاكە كۆمەڵگا خەریكە بەرەو دیجیتالی هەنگاو دەنێت، پێدەچێت ئەڵقەی هاوسەرگیریش ببێت بە دیجیتالی، ئەم ئەنگوستیلە دیجیتالییەی كە دەیبینن ماوەیەكە لە هەندێك وڵاتی ئەوروپیدا شوێنی ئەڵقەی دیكەی گرتۆتەوە چونكە جگە لەوەی كە وەك ئەڵقە لە پەنجە دەخرێت، ئەركی نیشاندانی كات و رۆژمێریش ئەنجام دەدات، دەكرێت سایزەكەشی بچووك یان گەورە بكرێت.






# ئامێری گەیمی شێڵد ئەنڤیدیا کەوتە بازاڕەوە

کۆمپانیـــای ئەنڤیدیا ماوەیەکە لەمەوبـــەر بڵاوی کردەوە کە ئامێری تایبـــەت بە گەمەکردنی هێناوەتە بەرهەم کە تایبەتمەندییەکانی جیاواز لەگشت ئامێرەکانی تایبەت بەو مەبەستە، ئەم ڕۆژانە ئامێرەکەی خستە بازاڕەوە.

ئامێرەکە ئەم تایبەتمەندییانەی هەن پرۆسیسەر واتە یەکەی لێکدەرەوەی Tegra 4یە، کە خێراییەکەی 1.9 گیگاهێرتزە و دەتوانی بێگرفت و بەخێرایی یاری HD پێ ئەنجام بدرێت. رامەکەی 16 گیگایە کە دەکرێت لە ڕێگای دانانی میمۆری هەتا دوو ترابایتیش رامەکەی بەرێیە ســەر، هەرچەندە میمۆری بەو قەبارەیەی تا ئێستا بەرهەم نەهاتووە. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، شاشەکەی 5 ئینجە و تەواو لەمسییە و دەکرێت لە یەك کاتدا چەندین فەرمانی پێ بکەیت.

# دەمامک بۆ زانینی ڕێژەی ئاڵوودەیی هەوا



دەمامـــك (قیناع) ئـــەو ئامرازەیە بۆ پاراســـتنی مرۆڤ لە چوونـــە ژووری هەوای ناپاك و ئالوودە بوو بە مادەی دیکە بۆ ناو ســـییەکانی مرۆڤ ســـوودی لێوەردەگیرێت، وەك دەمامك (ماسك) لەکاتی هێرشـــە کیمیاییەکانـــدا و هەروەها دەمامکـــی مەلەوانی و دەمامکی ئاگرکوژێنەوە و ...تاد.

ئـــەم دەمامکەی کـــە دەیبینن تایبەتە بـــە ئاگرکوژێنەوەکان، لەم دەمامکەدا بۆ یەکەمجار هەستەوەریی تایبەت بە دیاریکردنی چڕی دووکەڵ و هەروەهـــا فیلتەری تایبەت بە پاڵاوتنی هەوای ئالوودە بوو بەکار هاتووە. لەم دەمامکەدا بە شـــەپۆلی دەنگی بەرلەوەی کە مەترســـییەکە گەورەتر بێت کە ڕێژەی هەوای ئالوودە بەرەو زیادی دەچێت و دەمامکەکە بەباشی بپۆشێت، دەمامکە جگە لە ئاگادارکردنەوە بەهۆی شەپۆلی دەنگەوە، چەندین گلۆپیشی تێدایە کە لەکاتێکدا کورد گوتەنی چاو چاو نابینێت ئۆتۆماتیکی هەڵدەبن و شوێنەکە ڕووناك دەکەنەوە.

# ئامڕازی ئاگادارکردنەوە لە کارەساتی سروشتیدا

ئـــەو وێنەیـــەی دەیبینن تەواو لە وێنەی لایتێکی ســـێ باتری کۆن دەچێت، لەڕاستیشـــدا لایت شەحنە، بەڵام نەك لایت شەحنێکی ئاسایی.

گەلێك جاران ڕەنگە بۆ ئێوەش هاتبێتە پێش کە لەگەڵ هاوڕێیانتان گەشـــتێکتان کردبێت بۆ دارستان و چیاو پێدەشتەکانی هەرێمەکەی خۆمان، گـــەر خۆت یان یەکێك لـــەو هاوڕێیانەتان ڕێی خۆی ون کردبێت لە چی ســـوود وەرگیراوە، هەرچەندە ڕاســـتە ئەم سەردەمە مۆبایل هەیە و کەمتر تووشـــی ئەم گرفتە دەبن، بەڵام شوێنیش هەیە کە شەپۆلی مۆبایل نایگرێتەوە، بەر لە مۆبایلیش ئەوانەی بزر دەبن هاواریان دەکرد، لە شەویشـــدا زیاتر لایتیان بەکار دەهێنا، ئـــەم لایتە هەم ئەرکی لایت ئەنجام دەدات و هەم ئەرکی بڵندگۆ، جگـــە لەوەش تەکنەلۆژی VLC تێدایە کە دەنگ دەگۆڕێت بۆ ڕووناکی، هەرچەندە ئامێرەکە ڕەنگە سوودێکی وای نەبێت، بەڵام لە شوێنی خۆیدا دەبێتە ئامرازی ڕزگاربوون و ئاگادارکردنەوە.

# مۆبایل و گڵۆپە هۆشمەندەکان



تەکنەلۆژیای نوێ ئەگەر سوودێکی زۆریش بە حەسانەوەی مرۆڤ بگەیەنێت بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەرەو سستی و تەمبەڵی دەبات زیانەکەی زیاترە، ئێستا تەنانەت بۆ گۆڕینی تەلەڤزیۆن و ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوەش پێویست ناکات لە شوێنی خۆی هەستێت، بگرە بە کۆنترۆڵەکەی ئەوەی مەبەستییەتی ئەنجامی دەدات، تەنانەت وای لێهاتووە لە تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکاندا ریمۆت کۆنترۆڵیش نەماوە و تەنیا بە ئاماژەکانی خۆی کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن دەکات، هەتا ئێستا هەر گڵۆپی کارەبا مابوو کە کۆنترۆڵی نەبێت، بەڵام هەروەك لەم وێنەیەدا دەبینین گڵۆپی هۆشمەندی جۆری kichk light گڵۆپێکە کە سیستەمی وای فای هەیە و تەنانەت بۆ کوژاندنەوە و هەڵکردنی دەکرێت بە مۆبایلەکەت هەڵیبکەی و بیکوژێنیەوە. مۆبایلی ناوبراو پێکهاتووە لە چەندین گڵۆپی بچووکی LED کە بەهۆی پرۆگرامێکەوە بە مۆبایلە هۆشمەندەکانەوە پەیوەند دەدرێت و لەرێگای مۆبایلەوە رەنگ و کوژانەوە و هەڵبوونی گڵۆپەکە کۆنترۆڵ دەکرێت.



## لەم سایتەدا بەرێکردنی SMS سنووردار نییە و بێ بەرامبەرە

کورتەنامە یان SMS کە تایبەتە بە مۆبایل لە زۆر شوێندا شوێنی پەیوەندیگرتن دەگرێتەوە، بەڵام ناردنی کورتەنامەش تێچووی خۆی هەیە بەتایبەتی ئەگەر بۆ هەندەران کورتەنامە بنێریت. هەندێك سایت هەن کە خزمەتگوزاری ناردنی کورتەنامەیان تێدایە، بەڵام بێ بەرامبەر نین، یان هەندێك سایتی دیکە ئەو خزمەتگوزارییەیان بێ بەرامبەر تێدایە، بەڵام سنووردارە، وەك ئەوەی رۆژانە تەنیا دەتوانیت یەك یان دوو کورتەنامە بەرێ بکەیت.

سایتی www.sendmassage.com ئەم سایتەیە کە بەبێ سنوور دەتوانیت کورتەنامە بەرێ بکەیت، بۆ سوود وەرگرتن لە سایتەکە هیچ پێویستی بە شارەزایی نییە، کاتێك سایتەکە دەکەیەوە ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ناردنی کورتەپەیام send sms لێدە و ناوی وڵاتەکە و ژمارە مۆبایلەکە بنووسە و بە ئاسانی لە ماوەی 5 چرکەدا کورتەنامەکە بەرێ دەکات. شایانی ئاماژە پێدانە بەڵام بە ژمارەی مۆبایلی خۆت نییە، بەڵکو ژمارەیەکی دیکەیە.

# حەز دەکەیت خەتی تایبەت بە نابینایان بخوێنیەوە



نابینایان خەتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بە خەتی بریل ناسراوە، خەتێکە کە لە چەندین هێما پێکهاتووە و کەسانی بینا کە شارەزای خوێندنەوەی ئەو پیتانە نەبن ناتوانن بیخوێننەوە، چونکە لە پیتی ئاسایی ناچن و بەڵکو تۆزێك بەرجەستەن و بە پەنجەی دەست دەکرێت بیخوێنییەوە. بەڵام گەر حەز دەکەی وەك کەسانی نابینا خەتی تایبەت بەوان بخوێنییەوە، ئەم پەنجەوانەی کە وێنەکەی لێرەدا دیارە لە دەست بکەن و کە تەنیا پەنجەی شەهادەی هەیە، و هەستەوەرێکی تایبەت بە خوێندنەوەی خەتی بریلی لەسەرە، بە دانانی پەنجە لەسەر خەتی بریل خەتەکە بۆ سەر خەتی ئاسایی وەردەگێرێت و بەهۆی بلوتوس و هیدفۆنەوە ئەوەی پەنجەوانەکەی لەدەستدایە شەپۆلەکە بۆ ئەو بەرێ دەکرێت و بۆی دەخوێنێتەوە.

# کارت میمۆری و فلاش میمۆری وایەرلەیس

کۆمپانیـــای SanDisk کـــە کۆمپانیایەکـــی جیهانییە نوێتریـــن فلاش درایڤ و میدیـــا درایڤی بەرهەم هێنا کە سیســـتەمی وایەرلەیســـیان هەیە. ئەم ئامێرە بۆ یەکەمین جار خەزنکردن لە ڕێگای Wi-Fiـبۆ سەر فلاش میمۆری ئەنجام دەدات.

ئامێری ناوبراو بە باتری شـــەحن دەبێتـــەوە و دەتوانێت چەندین بەکارهێنەر لە یەك کاتدا سوودی لێوەربگرن، بۆ نموونە گەر چەند کەسێك لە شوێنێكدا بیانەوێ زانیارییەکانیان بخەنە ســـەر فـــلاش میمۆری دەتوانن پێکەوە ئەنجامی بدەن. لە مۆبایلەوە بگرە تا دەگاتە هەر دەزگایەك کە سیســـتەمی Wi-Fi هەبێت دەتوانێت بەو ئامێرانـــەوە پەیوەند بدرێت و فایلەکانیـــان هاوبەش بکەن. ئامێری بچووکی (Flash drive) بۆخۆی هیچ هاردێك و میمۆرییەکی نییە، بەڵام شـــوێنی دانانی میمۆری هەیە. بەڵام ئامێری گەورەتری (Media Drive) هاردی ناوخۆیی 32 و 64 گیگابایتـــی هەیـــە و کارت میمۆریش دەخوێنێتەوە. ئـــەو ئامێرە دەتوانێـــت 8 دەزگا پێکەوە و وێکڕا کاری لەسەر بکەن.




# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتەکانی مۆڵتی میدیا

گەلێـــك پرۆگرام هـــەن بۆ گۆڕینـــی فۆرماتەکانی مۆڵتی میدیا واتـــە فۆرماتەکانی دەنگ و ڕەنگ، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان پرۆگرامی Arcsoft MediaConverter کە بە ئاسانی هەموو بەکارهێنەر دەتوانێ سوودی لێببینێ، پرۆگرامێك لـــەو پەڕی ســـادەییدا دەتوانێت زۆربەی هـــەرە زۆری فۆرماتە ڤیدیۆیی و هەروەها فۆرماتـــە دەنگییەکیان بۆ یەکتر بگۆڕێت، گونجان لەگەڵ زۆربـــەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوەی دەنگ و ڕەنگ، هەروەها ئەو پرۆگرامانەی کە لە مۆبایلەکاندا ســـوودیان لێدەبینرێت. جگە لەوەش دەتوانێت فیلمەکانی ســـێ ڕەهەندیش بگۆڕێت.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە بە کورتی:

- پشتیوانی کردن لە گشت فۆرماتە دەنگی و ڕەنگییەکان
- ئەوپەڕی خێرایی لە گۆڕینی فۆرماتی فایلە قورسەکان.
- گونجان لەگەڵ دوو سیســـتەمی فیلمەکانی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی
- دانانی ژێرنووسی فیلم لەکاتی گۆڕیندا.
- دەرهێنانـــی فیلم لـــە DVD و گۆڕینی فۆرماتەکانیان بۆ یەکتر...تاد






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی لەبارەی ناســـینەوەی پارتیشنی کۆمپیوتەر لەکاتـــی فۆرماتدا بـــۆ هاتۆتە پێش و دەپرســـێت، کـــە دەمەوێـــت کۆمپیوتەرەکەم فۆرمات بکەم، لەسەر زۆربەی درایڤەکان وەك درایڤی C.D.F.E فایلی و داتای زۆری لەسەرە، بەڵام لەکاتی فۆرماتدا دەمەوێت تەنیا درایڤی C فۆرمات بکەم، بـــەڵام نازانم کامـــە درایڤی C یە، چونکـــە لە کاتی فۆرماتدا ناوەکانی نانووسرێت چ بکەم؟

خوێنەری بەڕێز دیارە زۆربەی سیستەمەکان ناوەکان دەنووسن، بەڵام گـــەر گرفتێکی وات بۆ هاتە پێش دەبێت ســـەرەتا بەر لە فۆرمات کردن چاوێك بە قەبارەی ئـــەو داتانەی لـــە درایڤەکاندا خەزن کراون بخشێنیت و بزانیت یادداشتیان بکەیت، دوای ئەوە لە کاتی فۆرماتدا بەبێی قەوارەی داتا خەزن کراوەکان دەزانی کامە درایڤەکانن، جگە لەوەش ویندۆز ئۆتۆماتیکی بەشێوەی ڕیزبەندی درایڤی C لەسەرەوە نیشاندەدات و ئەوانی دیکە لە خوارەوە.